# شۆڕشی میسر... بەرەو کوێ؟



نووسینی: علاء عوض
لە عەرەبییەوە: جیهاد موحەمەد

الحوار المتمدن - العدد: 3567 - 2011 / 12 / 5 - 01:35

دەتوانین لایەنەکانی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستای شۆڕشی میسر بەم جۆرە بخوێنینەوە: لایەنی یەکەم ئەنجومەنی سەربازی حوکمڕانە کە لە یانزەی فەبروەرەوە توانیویێتی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت بە پێدانی ئەم ئەرکە لە لایەن موبارەکی ڕوخێنراوەوە ـ ئەگەر بە شێوەیەکی ڕووکەشیش بێت ـ هەوڵێک بوو بۆ ڕزگارکردنی بەشێک لە ڕژێمی سیاسی تێشکاو لە بەردەم ئەو ناڵەو تووڕەییەی ڕاپەڕین و شۆڕشی میللیدا کە پایە و باڵەکانی ئاسایشی ڕژێمی ناوبراوی هەژاند و هەڵوەشاند، دەستێوەردانی ئەم ئەنجومەنی سەربازییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدار تەنیا لەوێوە نەبوو کە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی دامەزراوە سەربازییەکانی دەکات بە درێژایی چەند دەیەیەک، بەڵکو لەوێوە بوو کە ڕاستەوخۆ بەرگرییکات لە بەرژەوەندیەکانی چوونکە بەشێکی ئۆرگانییە لەو چینە دەسەڵاتدارە ڕوخاوە و ڕەنگیشە یەکێک بێت لە پایە بەرزەکانی ئەو چینە دەسەڵاتدارە ڕوخاوە، ئەم ئەنجومەنە دەستیبەسەر بەشێکی گەورە لە ئابوری میسردا گرتبوو کە نزیکەی لە نێوان 25 ـ 40% ی هەموو وەبەرهێنانە ئابورییەکانی میسر بوو، ئەم کۆمپانیا وەبەرهێنانە سەربازیانەش بە هیچ جۆرێک نەدەکەوتنە ژێر چاودێری پەرلەمانی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، بەڵکو کۆمەڵێک جەنەراڵ دەیبیردن بە ڕێوە کە کۆمەڵێک دەسکەوتی گەورەیان لێوە دەستدەکەوت، کرێکارانێکیش لە چینی هەژارانی میللی کاریان تیا دەکرد بەبێ وەرگرتنی هیچ جۆرە کرێیەک و بە سۆژە کاریان پێدەکرا و بێ بەشیش کرابوون لە مافی نوێنەرایەتی و سەندیکا و پراکتیزەکردنی مافی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین.

ئەنجومەنی سەربازی هەندێکیش پارادۆکسی هەبوو لەگەڵ ڕژێمی موبارەک دا لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، واتە ـ سەرۆکایەتی کۆمار۔ کە لە لایەن موبارەکەوە ئەم مافەی ئەوان پێشلکرابوو، ئەنجومەن لە ماوەی شەش دەیەدا بە پیرۆز تەماشای دەکرد بەو مانایەی کە گریدراوێکی ئۆرگانی خۆیەتی و مافی خۆیەتی وەریبگرێت چوونکە ئەم وەزیفەیە گرنگترین وەزیفە بوو بۆ دەوڵەتێک کە سروشتێکی ستەمکاریی و دیکتاتۆری هەبێت. یەکێکی تر لە پارادۆکسیەکانی نێوان ئەنجومەنی سەربازی و موبارەک مەسەلەی هەوڵەکانی موبارەک بوو بۆ گەورەکردن و فراوانکردنی دەستگاکانی پۆلیس و زاڵکردنی بەسەر دەستگا سەربازیەکاندا لە پشتبەستن پێیان بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی و پاراستنی سیناریۆی میراتگری سەرۆکایەتی کۆمار. مەسەلەکە هەر بەوەندەوە نەوەستابوو، بەڵکو سیناریۆی میراتگری سەرۆکایەتی کۆمەڵە کەسێکی وەک کارکتەری سیاسی بەرزکردبوەوە و ببوون بە خاوەنی وەبەرهێنانی ئابوریەکی گەورە، لێرەشەوە جارێکی تر پارادۆکسیەکان زەقتر ببوەوە لە سەر بەرژەوەندیە ئابوریەکانی نێوان پیاوانی سیاسی و پیاوانی دامەزراوە سەربازیەکان کە کێبڕکێی خاوەندارێتی زەویوزار لە نێوانیاندا بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و وەبەرهێنانی ئابوری زیاتر دروستبوبوو چوونکە زەویوزار یەکێک بوو لە پایەکانی سەرمایەگوزاری و سەرمایەدارێتی. بۆیە وەرگرتنی دەسەڵات و سەرکەوتن بەسەر سەرۆکی ڕژێمەکەدا لە لایەن دامەزراوەی سەربازیەوە کارێکی سیاسی و سەربازی بوو بە ئامانجی پاراستنی ڕژێمی فەرمانڕەوایی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سەرمایەداری و لە هەمانکاتیشدا یەکلایکردنەوەی ئەو پارادۆکسیانەی کە هەیان بوو لەگەڵ ڕژێمەکەی موبارەک و کۆمەڵەی میراتگرییدا.

مەسەلەی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لە فەبروەری 2011 دا جیاوازی هەبوو لەگەڵ یۆلۆی 1952دا، لەمەی دواییاندا کۆمەڵێک لە ئەفسەری سەربازی پلە مامناوەند توانیان لە کودەتایەکدا سەرکەون بەسەر مەلیک فاروق دا و ڕژێمی دەسەڵاتدارێتی تێکبشکێنن و بە دروشمگەلێکی میللیانە و نیشتیمانیانە و ڕیفۆرمانە و کۆمەڵێك کاری سیاسیانە جەماوەرێک لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، واتە شەرعیەتی ئەم دەسەڵاتدارێتیە لە کودەتاوە هاتبوو، هیچ دەوەرێکی جەماوری و ڕاپەڕینی جەماوەری تیا نەبوو، بەڵام لە 2011 دا ڕوخانی ڕژێمی موبارەک لە ئەنجامی ڕاپەڕین و شۆڕشێکی میللیەوە بوو کە هاوار و داوای ڕۆیشتنی مومبارەک لە هەموو شوێنێکەوە بەرزبوەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمەش لە لایەن هەندێکەوە بە کودەتاش دابنرێت، ئەوە کودەتاچیەکان خۆیان نە ئەمەیان هەڵبژرادبوو نە کاتەکەشیان دیاریکردبوو، بەڵکو ویستیان ڕاپەڕین و شۆڕشە میللیەکە بگۆڕن بۆ کودەتایەکی سەربازی، پێویستیەکی ناچاری بوو کە ئەنجومەنی سەربازی هاوپەیمانیەکی سیاسی گونجاو هەڵبژرێن تا بتوانن هەندێک لایەندارێتی میللی مسۆگەربکەن لە پێناوی سەپاندن و جێگیرکردنی دەسەلاتی نوێدا، هەروەها پێویست بوو بۆ ئەنجومەن کە هەڵوێستی شەرعیدان بە 25 ی یەنایری 2011 وا نیشانبدەن و بیسەپێنن کە درێژبوەوەی شەرعیەتی 1952ە و دامەزروەی سەربازی مافێکی مێژوویی گرتنە دەستی دەسەڵاتیان هەیە.

ئەوەش کارێکی لۆژیکیانە بوو بۆ ئەنجومەن کە پیشانی بدەن لە بەرژەوەندی کام چینی کۆمەڵایەتین و نوێنەرایەتی کێ دەکەن تا بتوانن هیزێکی سیاسی ئۆپۆزیسوێنی ڕژێمەکەی مومبارەک لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و جەماوەرێکی میللیان هەبێت، لێرەوە و لەم لۆژیکی بیرکردنەوەیەوە ئەنجومەن ڕەوتی ئیسلامی سیاسیان هەڵبژارد وەک لایەنی دوەمی ئۆپۆزیسوێنی ڕژێمەکەی موبارەک تا ئەو دەورەیان بۆ ببینێت. هەڵبەت ئخوانی موسلیمین لە ڕووی ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی گەورەترین ڕەوتی ئیسلامی بوون، هەروەها سەرکردەکانیان خاوەنی

وەبەرهێنانێکی ئابوری گەورەش بوون، وە دژایەتی سیاسەتی لیبراڵی نوێیان نەدەکرد لە سەردەمی موبارەک دا، وە بەرگریان لە پەیوەندیە بەکرێگرتەکانی نێوان جوتیاران و خاوەن موڵک دەکرد و هێرشێکی توندیان دەکردە سەر خۆپیشاندانەکانی کرێکاران کە لە ئەنجامی شۆڕشی یەنایردا بەرپا ببوون، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە داواکار نەبوون بۆ ڕوخانی ڕژێمی موبارەک بەڵکو تەنیا داواکاری هەندێک لە ڕیفۆرم بوون لە بونیادی سیاسی و تەشریعیدا تا بەرفراوانتر ڕێگەیان پێبدرێت بۆ دروستکردنی پێگەی سیاسی خۆیان، پێش 25ی یەنایریش هاوبەشیکردنیان لە چالاکیەکانی خۆپیشاندانداندا ڕەتکردەوە کە زۆرێک لە بزوتنەوە سیاسیەکان و لاوان داواکاری بوون و هەڵسورێنەری بوون، ئەمان تەنیا لیستێکی دە خاڵیان پێشکەش کرد کە هەندێک داواکاری ڕیفۆرمخوازی سیاسی لە خۆگرتبوو وە داواکار بوون کە ڕژێمی موبارەک جێبەجێیبکات، لەگەڵ ئەوەی کە لە بیست و هەشتی یەنایردا خۆیان هەڵواسی بە شۆڕشدا بەڵام لە دەرگای پشتەوە خۆیان گەیاندە ڕژێمی موبارەک و دەستیانکرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵ عمر سلێمانی جێگرەکەیدا.

ئەم ڕەوتە ئیسلامیە گرنگترین ئۆپۆزیسوێنی سیاسی بوون لە سەردەمی مومارەک دا، ڕەنگە بتوانم بڵێم موبارەک خۆی ئەم ڕەوتەی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی دەوری ئۆپۆزیسوێنێکی گەورە و سەرەکی سیاسی ببینن و سنورێکیش دابنێن بۆ گەشەی ئۆپۆزیسوێنێکی شۆڕشگێڕ و ڕیشەیی دژ بە ڕژێمەکەی، پشتڕاستکردنەوەشم بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ڕێگەی پێدابوون زاڵبن بەسەر زۆربەی سەندیکا پیشەییەکاندا( هیچ جۆرە ناڕەزایەتیەکیان نەبو کە شایەنی وتن بێت دەربارەی مەسەلە سەندیکاییە گرنگەکان وەک کرێ و مافی دەربڕین و دەنگدان و مافی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی) هەروەها هەڵیبژاردبوون بۆ ئۆپۆزیسوێنی پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکانی 2005 دا( ئەو سەوداگەرییە سیاسییەی لە نێوان ئەمان و حیزبی نیشتیمانی دا دروستبوو لە کاتی پرۆسەی هەڵبژرادنەکاندا لە لایەن ڕێبەری یەکەمیانەوە دانی پیانرا) لەگەڵ ئەوەی جەنگێکی سیاسی بەرپا نەکردبوو لەگەڵ ڕژێمدا لەوێوە کە پەیوەندی هەیە بە مافی کۆمەڵایەتی و کرێ و بێکاری و پاکتاوی ئابوری نەتەوەییەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نەبوونی جەنگە سیاسیە نەبووە هۆکاری لاوازی سیاسی جەماوەری و کێرڤی جەماوەری ئیخوانی دانەبەزاند و بەڵکو ببوو بە سیمبولێکی ئۆپۆزیسوێنی سیاسی زۆر گەورە و ئاشکرا دژ بە ڕژێمەکەی موبارەک. بۆیە هەڵبژاردنی ئەم هاوپایەیمانە سیاسیە لە لایەن ئەنجومەنی سەربازیەوە لۆژییکیانە بوو بە پێی بیرکدنەوەی خۆیان و لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەی ئەمانیشدا ڕێگەیاندا بە ڕەوتە ئیسلامیە سەلەفیەکانیش، کە هیچ پسپۆڕییەکی سیاسیان نییە و لە یەکەم جاریشدا دژی شۆرش وەستانەوە و تەنانەت مۆری تەکفیرکردنیان نا پێوەی چوونکە ئەمەیان بە دەرچوون لە پیرۆزی حاکم دادەنا، هەروەها ڕێگەشیان بە هەندێکی تر لە ڕەوتە ئیسلامیەکان دا، وای دەخوێنمەوە کە ئەمەش بەو ئامانجە بوو کە پارادۆکسی دژایەتیەکانی نێوان ئەم ڕەوتانە بقۆزنەوە و بیخەنە ڕاژەی بەرژەوەندیەکانی دامەزراوەی سەربازی و دەسەڵاتی سەربازی خۆیانەوە و وە بۆ سنوردارکردنی بەرزەخوازییە سیاسییەکانی ئیخوانەکانیش.

لایەنێکی تری ململانێکە ئەو کۆمەڵە حیزب و هێزە سیاسیانەیە کە ناودەبرێن بە لیبراڵەکان، لە کۆی گشتیدا ئەو پێکهاتە سیاسیانە ئەوە دەگەیەنێت کە دەربڕی بەرژەوەندیە سەرمایەدارییەکانن و سیاسەتێکی ئابوری لیبراڵی پێکدەهێنن و هەندێکیان بە جۆرێک کاردەکەن کە وەحشیگەرێتی بازار سنورداربکەن، ئەم جۆرە سیاسەتە ئابوریەش شێواویی و شپرزەیی ئەو چینە پیشان دەدات کە دەکوێتە ژێر کاریگەری یاساکانی گەشەی جیاکاریی و جیاوازیی ئالۆزەوە، لەسەر ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیریش ئەم هێزە لە نێوان بیری نوێ و دواکەوتویەتیدا گیری خواردوە، ئەم گیرخواردنەش لە بەرنامە سیاسیەکانیدا دەردەکەوێت کە کەمتەرخەم و بێتوانایە لە پێدانی بیری عەلمانیەتی دەوڵەت و کۆمەڵگا و فێرکاریی و ڕۆشبیرییدا و نمونەگەڵێکی شپرزە و مامناوەندی پێشکەشدەکات، ئەم هێزە لیبراڵیە ناتوانێت بە ڕوونی و ئاشکرا پەیوەستبێت بە دروستکردنی دەوڵەتەوە و کۆمەڵێک دەربڕینی لاستیکی هەیە بۆ دەوڵەت وەک دەوڵەتی شارستانی نوێ و بەتاڵ لە هەرچ جەوهەرێکی ڕوون و ئاشکرا، دیسان ئەم حیزبە لیبراڵانەش کەوتنە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەنجومەنی سەربازی و ئیسلامیەکاندا دژ بە خۆپیشاندانەکانی کرێکاران.

ئەم هێزە لیبراڵیە لە توانایدا نەبووە بەرامبەر بە ڕەوتە دینییەکان بوەستێتەوە لە کۆمەڵگایەکدا کە نەخوێندەواری گرتویەتیەوە و ڕۆشنبیریەکی ئیسلامی وەهابی بە درێژای چوار دەیە تیایدا بڵابوەتەوە، ئەو بڵاوبونەوەیەی کە ڕوخانی پڕۆژەی نەتەوەیی 1967 یارمەتیدەریبوو وە ڕژێمی ساداتیش بەکاری هێنا بۆ وەستانەوە دژی ئۆپۆزیسوێنەکانی و شەپۆلی کۆچکردن بۆ سعودیە کە نەوەیەکی تژی لەم بیرکردنەوەیەی دروستکرد و بوون بە ڕابەرانی دین، هەروەها هێزە ئیسلامیەکان توانیان لیبراڵیەکان ڕابکێشنە نێو ململانێ لاوەکیەکانەوە و دژایەتیکردنی کەنیسەوە. بە کورتی ئەم چینە سەلماندیان کە بێتوانان لە پێکهێنانی پڕۆژەیەکی سیاسی پەیوەستدار بۆ دروستکردن و فەراهەمکردنی دیموکراتیەتێکی ڕاستەقینە و تەنیا ئەوەندەیان بەس بوو کە هەوڵبدەن بۆ پێگەیەکی سیاسی هەرچۆنێک بێت قەوارە و گەورەیەکەی لە دەسەڵاتی داهاتودا و بە شێوازێکی پراگماتیکیانە.

لەم دەریا فراوانەی ململانێدا بزوتنەوەکانی لاوان دەرکەوتن و باڵایان کرد کە گرنگترینیان بزوتنەوەی 6 ی ئەپرێڵ بوو کە بوون بە لایەنێکی کارا لە هاوکێشەی ململانێکاندا، ئەم بزوتنەوانە بە زۆری ئەو کەرتانەیان گرتبوە خۆیان لە چینەکانی ناوەڕاستبوون و هوشیاریەکی سیاسی لیبراڵیان هەبوو بەڵام خاوەنی تێزێکی ڕوونی ئابوری لیبراڵی نەبوون، دەتوانین بە داواکاران و بانگهێشتکەرانی نوێگەرێتی ناویان بەرین، ئەم کۆمەڵە لاوانە لە 25ی یەنایر و پێشتریشدا سەلماندیان کە کۆمەڵەگەلێکی خەباتگێڕن و تا ئاستێکی گەورە خۆیان دەپارێزن لە سازشکردنی سیاسیانە و لە زۆربەی کاتیشدا لایەندارێتی بزوتنەوە جەماوەریی و میللیەکان دەکەن، لە واقیعدا هوشیاری ئەم کۆمەڵانە لە لاوان زۆر دەشێت گەشەبکەن و ڕیشەداکوتن لە چەپێتیدا و بە ئارستەی پڕۆسەیەکی شۆرشگێڕی بە تایبەتی کە زۆربەیان متمانەیان نەماوە بەو حیزب و هێزە سیاسیانەی کە دوای شۆرش دەرکەوتون و ئەفرۆزەی چوونە ناو ڕیزەکانیانەوە دەکەن.

بەڵام دەربارەی دەوری چەپی میسر لە شۆڕشدا، پێش 25ی یەنایر چەپ لەسەر ئاستێکی فەرمی حیزبی کۆمەڵەی نیشتیمانی پێشەکوتوخوازی یەکگرتوو نوێنەرایەتی دەکرد کە ڕفعەت سەعید ڕابەرایەتی دەکرد، کەلەپوری سیاسی ئەم حیزبە لەساڵەکانی پێش شۆڕشدا خراپ و کۆنەپەرستانە بوو، هاوپەیمانیی بەست لەگەڵ ڕژێمی موبارەک دا پێش ئەوەی بچێتە هەڵبژاردنە گاڵتەجاڕیەکەی 2010 ەوە، پێش ئەوەی ئەندامەکانی بە تەزویر سەرکەوتن بەدەست بهێنن بۆ پەرلەمان، تا کار گەیشتە ئەوەی کە سەرۆکی ئەم حیزبە هاوکاری خۆی لەگەڵ حیزبی نیشتیمانی هەڵوەشاوەدا ڕاگەیاند لە پەیامێکی جێگری گشتیدا دژی ئخوانەکان بەو مانایەی کە ڕێکخستنێکی شەرعی نیین، واتە ڕابەری ئەم حیزبە پیرۆزبایی ڕژێمەکەی موبارەکی کرد لە لێسەندنەوەی مافی ڕێکخستندا تەنیا لەبەر ئەوەی کە مەسەلەکە پەیوەندی بە ئیخوان موسلیمینەوە هەبوو، پێش شۆرشیش لە زۆرێک لە لێدوانەکانیدا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە گاڵتەی بە بزوتنەوەکانی لاوان کردوە و وای داناون کە ئەمانە بریتین لە ئاژاوەگێڕیی و مناڵەورتکە، هەروەها ئەفرۆزەی بەشداری حیزبەکەشی کرد لە

خۆپیشاندانەکانی 25 ی یەنایردا، لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشیش ڕەفعەت سەعید یەکێک بوو لەوانەی کە بە دوای گفتوگۆکردندا لەگەڵ عمر سڵیمان راکە ڕاکەی بوو، بە کورتی هەڵوێستی ئەم حیزبە بەرامبەر بە شۆڕش هەڵوێستێکی دوژمنکارانە بوو ئەمەش بوو بە هۆی دابەشبوونێکی گەورە لە ڕیزەکانی ئەم حیزبدا کە زۆرێک لە خەباتگێڕە چەپەکانی ڕیزەکانی ئەم حیزبە هەلپەرستەیان بەجێهێشت.

لەسەر ئاستێکی نافەرمیش چەپی میسر ئەوانە بوون کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی سۆسیالیستی شۆڕشگێریە نهێنیەکانیان دەکرد و وە ڕەوتێکی نوێکردنەوەی سۆسیالیست کە جیا ببوونەوە لێیان و هەندێک لە بزوتنەوەکانی لاوان وەک بزوتنەوەی لاوان لە پێناوی دادپەروەری و ئازادی و بزوتنەوەی دیموکراتی میللیدا، لەگەڵ ئەوەی ئەم پێکهاتانە بێتوانا بوون لە بەدیهێنانی جەماوەرێکی ئاشکرا و ڕووندا لە نێوەندی کرێکاران و خوێندکاران و لاواندا کە ڕێگەیان پێبدرێت بۆ بینینی دەورێکی پێشڕەوێتی لە بزوتنەوەکانیاندا، سەرکەوتوو بوون لە بەدیهێنانی پێگەیەکی سیاسی لە ناو کۆمەڵەی لاوانی دیمکراتی و لە میانەی پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکانەوە وەک فەیسبوک، لە واقیعدا ئەم کۆمەڵەی لاوانە خاوەنی یەکەم دەستپێشخەری بوون لە دەستپێکردنی شۆڕشدا و هەموو ئەم ڕێکخراوانە و ئەم بزوتنەوە چەپانەی لاوان واژۆیانکرد لەسەر پەیامی هەستان بە خۆپیشاندان لە 25ی یەنایردا، هەندێک لە ئەندامانیان نوێنەر بوون لە هاوپەیمانێتیەکانی لاواندا بۆ شۆڕشکردن. لێرەدا شایەنی وتنە لەگەڵ ئەوەی بوونێکی سیاسی چەپڕەوی لە شۆڕشدا سنوورداربوو بەڵام بزوتنەوەی شۆڕش لە سەرەتاوە و تا 11 فەبروەری ئاراستەکەی چەپڕەوانە بوو، هیچ کەسێک لە کاتی مانگرتنەکانی گۆڕەپانی تەحریردا نەیدەتوانی بە درێژایی ئەو ماوەیە دروشمگەلێکی دینی و تایەفەگەریتی هەڵبگرێت و پیشانی بدات، ڕوخساری گشتی شەقام عەلمانیەت بوو تا ئاستێکی گەورە و بەرز، لەم ماوەیەدا هیچ ململانێیەکی تایەفەگرێتی یان دوژمنایەتی لەسەر جۆری باوەڕ نەبینرا و هەستپێنەکرا، دروشمگەلێکی دەربڕ بۆ دادپەروەی کۆمەڵایەتی داواکاریەکانی شۆڕشگێڕان بوون. ئەوەی کە گرنگ بوو لەم ڕاستەیەدا دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی کرێکاری بوو لە نێو دیمەنە شۆڕشگێریەتیەکەدا بە شێوازێکی ڕوون لە نۆی فەبروەردا پاش ئەوەی کە خۆپیشاندانە کرێکارییەکان دەستپێکرد بە بڵاوبوونەوە لەوانەبوو ئەم مەسەلەیە یەکلایکەرەوە بێت لە پەلەکردنیدا بۆ ڕوخانی موبارەک. بەڵام نەبوونی ڕێکخستنێکی بە توانا بۆ ڕابەرایەتی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێرییە یان بینینی دەورێکی کاریگەر لە ئاراستەکردنیدا، ئەمە بووە هۆی زاڵبونێکی خۆرسکی بەسەر شۆڕشدا و دواجاریش دروستبوونی ئاراستە جۆراوجۆرەکانی شۆڕش. لە دوای ڕوخانی مومبارەک پرۆسەی ڕێکخستنی چەپی میسری دەستپێکرد و لە ئەنجامدا پێکهێنانی حیزبێکی هاوپەیمانی میللی سۆسیالیستی لێکەوتەوە و دەرکەوتنی حیزبگەلێک لە ژێر پرۆسەی پێکهاتندا وەک حیزبی کرێکارانی دیموکراتی و حیزبی سۆسیالیستی میسری و حیزبی بانگەوازی یان داواکردنی کۆمۆنیستی و هەروەها ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی میسری و چوونە دەروە لە بازنەی نهێنی بۆ کاری ئاشکرا.

بە سروشتی حاڵەتی شۆڕش و هێزەکانی چەپ تێگەیشتن و چەمکەکانی چەپی جۆراوجۆری میسری و جیاواز بوون لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕاپەرینی شۆڕش و تێگەیشتن لە ڕێڕەوەکەی و ئامانجەکانی، هەندێک بە شۆڕشێکی دیموکراتی دایاندەنا و لە بازنەکانی شۆڕشی بۆرژوازیدا دەیانبینیەوە و هەندێکی تر جەوهەرێکی کۆمەڵایەتیان پێدەدا بە ئامانجی ڕوخانی حوکمی سەرمایەداری، هەندێکی تر وایان دەبینی کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ چوونە ناو پەرلەمان و بەرپاکردنی خەباتی پەرلەمانی و پراکتیزەکردنی فشاری سیاسیانە بە ئامانجی بەرەو دیموکراتیزەکردن و بەکارهێنانی پەرلەمان وەک ئامرازێک بۆ ئەم ئامانجە و دواجاریش بۆ بەرجەستەکردنی بەرنامەکانی چەپ، هەندێکی تریش بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنانەیان دەکرد لەو ڕوانگەیەوە کە شەرعیەتی نییە لەم ژینگە سیاسیی و نادیموکراتییەدا بۆیە ئەفرۆزەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان دەکرد کە ناتوانێت نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بێت. لە ڕاستیدا دەرفەت و بواری گفتوگۆکردن لەسەر هەڵوێستی چەپی سیاسی میسری گەورەترە لەم بابەتە و زەحمەتە لە بابەتێکی وەهادا بتوانرێت بە تەواەتی ڕەهەندەکانی هەڵبسەنگێنرێت، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە هەموو لایەنەکانی چەپی میسری نەیانتوانیوە حەشاماتێکی گونجاو لە جەماوەر کۆبکەنەوە لە دەوری دروشمە سیاسیە جیاوازەکانیان.

لایەنی گرنگی ئەم ململانێیەی ئەو بزوتنەوە جەماورییەی شەقامەکان و گۆڕەپانەکان و نێو دامەزراوەکان و شوێنە بەرهەمهێنەرەکانە، لە واقیعدا ئێمە ناتوانین لەم لایەن سەرەکەیەی ململانێیە بگەین بە بێ ئەوەی بچینە نێو گەشە و جۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی ئامرازی ڕێکخستنەکانی ئێستایەوە. پێکهاتە کۆمەڵایەتیە جەماوەرییەکەی 25ی یەنایری 2011 بە زۆری بریتیبوو لە کەرتەکانی لاوان لە چینەکانی ناوەڕاست کە هەستێکی قوڵیان هەبوو لە ڕق و کینە دژ بە حوکمی ستەمکار کە دەستگا سەرکوتکەرەکانی پۆلیس پشتیوانی لێدەکرد بۆ شکاندنی شکۆمەندی گەلی میسر و هەموو جۆرە ئەشکەنجە و بێزارییەکیان بەکار دەهێنا دژی گەل و جەماوەری ڕەشوڕوت و هەژاران و پەراوێزخراوان، ئەم جەماوەرە دەیناڵاند بەدەست بێکارییەوە و هەرشەلێکراو بوو بە بەردەوامی کە بەرەو هێڵی هەژاری و برسێتی بڕوات، ئەم جەماوەرە لە ڕێگەی سایتەکانی ئینتەرنێتەوە بەیەکدەگیشتن و پەیوەندیان بۆ دروستدەبوو، واتە بەشێکی گەورەیان لەو توێژە بوون کە توانای خویندنیان بەرز بوو دەیانتوانی کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی پەیوەندی نوێ بەکاربهێنن، لە بیست و هەشتی یەنایردا وە لە مەیانەی بەریەککەوتنەکانی شۆڕشەوە لەگەڵ دەستگاکانی پۆلیسدا چەندین کەرتی جیاواز لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەرکەوتن کە بریتیبوون لە هەژارانی شارەکان و دانیشتوانی گەڕەکە پەراوێزخراوەکان و زۆرینەیان لە بێکاران و ئەوانە بوون کە کاری بەردەوامیان نەبوو. ئەوانەشی کە گەندەخۆر بوون و زۆرێک لەو توێژە کۆمەڵایەتیەیان پێکدەهێنا کە لایەندارێتی لیبراڵیەتی نوێیان دەکرد و ببون بە پارێزەری ئەو دزی و گەندەڵییەی کە حاکمە سەرمایەدارەکان پراکتیزەیان دکەرد دژی گەل، ئەم توێژە لە هەژاران کەوتبوونە ژێر چەوساندنەوە و داپلۆسینی پۆلیسەوە و بە بەردەوامی ڕاودەنران و سوکایەتیان پێدەکرا، ئەم توێژە لە شۆڕشدا دەورێکی تریان بینی و بوون بە بەشێک لە شۆڕش و هەڵوێستی سروشتی خۆیان بینی دژی پۆلیس و توانیان دەستگاکانی پۆلیس تێکبشکێنن و ڕاویان بنێن و شەقامەکانیان پێ چۆڵ بکەن و توڕەیی و شۆڕشگێڕیتی خۆیانیان بەسەردا ببارێنن. ئەم گۆڕانکارییە لە پێکهاتە کۆمەڵایتیەکاندا کە چین و توێژێکی ڕازیبوو بە گەندەخۆری و دەستگرتن بە کڵاوی خۆیەوە تا با نەیبات بۆ چین و توێژێکی شۆڕشگێر مەسەلەیەکی یەجگار گرنگ بوو بۆ بەرەوپێشەوە چوونی شۆڕش و تواناکانی شۆرش بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی سیاسی یەکەم ڕوخانی موبارەک بە سەرکەوتن بەسەر دەستگا داپڵۆسێنەرەکاندا. لەگەڵ ئەم دەورە گرنگەی کە جەماوەری هەژاران بینیان و ئەو قوربانیە گەورەیەی پێشکەشیان کرد لە بەرەوڕوبوونەوەکانی سەر شەقامەکاندا، هیچ جۆرە پێشوازیەکی شایستەیان لێنەکرا لەسەر ئاستی سیاسی و ڕاگەیاندن و لە هاوپەیمانیەکانی لاواندا هیچ نوێنەرێکیان پێنەدرا و وێنەی شەهیدەکانیان لەو پۆستەرانەدا دەرنەکەوت کە هەموو گۆڕەپان و شەقامەکان و شاشەی تەلەفزوێنەکانی پڕکردبوەوە، زیاتر لەمە بەرەوڕووی تۆمەتباریی بەڵتەجەیی و دەرچوون و شکاندنی یاساکانی ئەنجومەنی سەربازی و حکومەت و زۆرێک لە هێزە سیاسیەکان بوونەوە تا هەنوکەش ئەم تۆمەتانە بەردەوامە بۆیان. کاتێکیش کە ململانێکانی نێوان سوپا و هێزە سیاسیەکان دەگیشتە بنجبەست ئەم چینە لە هەژاران ڕادەکێشرا بۆ نێو ململانێکان دەبوون بە پێشەنگی ڕیزکانی خۆپیشاندانەکان. لە بیست و هەشتی یونیۆدا کاتێک هێزە سیاسیەکان ململانێیان بوو لەسەر دیاریکردنی کات و ئالیەتی دروستکردنی دەستورێکی نوێ، ئەم جەماوەرە لە هەژاران چوونە ناو گۆڕەپانی تەحریرەوە بۆ داواکردنی مافەکانی شەهیدان و ئەوانەی بریندار و کەم ئەندام بوون لە شۆڕشدا،

گۆڕەپانی تەحریر خۆپیشاندانێکی گەورەی بە خۆوە بینی و بەرەوڕووبوونەوەیەکی نوێ دروستبوو لەگەڵ دەستگاکانی پۆلیس کە توشی تێشکانێکی تر بوون لەسەر دەستی ئەم جەماورە شۆڕشگێڕەدا و ئەمەش پەرەیسەند بۆ مەسەلەی مانگرتنی 8 یۆلیۆ کە هێزە ئیسلامی و لیبراڵەکان ناچار بوون واز لە دروشمەکانیان بهێنن وەک هەڵبژاردن لە یەکەم هانگاودا و دواجار ناچار بوون دروشمی شۆڕش بەرزبکەنەوە لە ژێر فشاری جەماوەری هەژاراندا. هەمان سیناروێ دووبارە بوەوە لە نۆزدەی نۆڤەمبەردا لە ئەنجامی ئەو ڕێپێوانە گەورەیەی کە ئیسلامیەکان بەرپایان کرد دژی بەڵگەنامەی ئاشتیانە بۆ پرنسیپەکانی دەستور لە گۆڕەپانی تەحریردا، دوای کشانەوەی ئیسلامیەکان لە گۆڕەپانەکەدا هەژاران بە تەنیا مانەوە و بە خۆیان و بریندار و شەهیدەکانیانەوە بەرامبەر دەستگا داپڵۆسێنەرە دڕندەکان کە غازی ژەهراوی و گولەی پلاستیکی و فیشەکی ئاگرینیان بەکاردەهێنا بۆ کوشتنی خۆپیشاندەران، جارێکی تر هەژاران توانیان دەستگا داپڵۆسێنەرەکان تێشکێنن و ئەفرۆزە و نەفرەت لە بەرنامەکانیان بکەن. ئەم جەماوەرە توانی دوو حکومەت بڕوخێنێت(شفیق و شرف) وە گەیاندنی موبارەک و کوڕەکانی بە دادگا و خستنیانە ناو قەفەزی تۆمەتبارییەوە لەبەر چاوی هەمووان و فشارخستنە سەر ئەنجومەنی سەربازی بۆ سنوردانان لەسەر گەیاندنی سڤیلەکان بۆ دادگا سەربازیەکان.

توخمی سەرەکی و گرنگ لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی بزوتنەوەی جەماوریدا بوونی قەوارەی چینی کرێکارانە لە نێو ململانێکاندا، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا خۆپیشاندانەکانی کرێکاران کە لە نۆی فەبروەردا دەرکەوت ڕەگەزێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ ڕوخانی ڕژێمی موبارەک وەک لە ماوەی دواتردا شەپۆلێکی فروان لە خۆپیشاندانی کرێکاران کە گەیشتە لوتکە لە مانگی سێبتەمبەر و ئۆکتۆبەردا بۆ روخانی ڕژێمی موبارەک، لەم خۆپیشاندانانەدا لە زۆربەیاندا دروشمگەلێک بەرزکرابوونەوە کە سێ تەوەری لە خۆ گرتبوو، ئەوانەش کرێی دادپەروەرانە و مافی کرێکارانی کاتی کە کێشەیەکی گەورە بوو لە دەستگا کارگێرییەکانی دەوڵەتدا و یەکە کارگێڕیە لۆکاڵیەکان و تەوەرەی سێیەمیش پاکردنەوەی دامودەزگاکان و کارگێڕی کۆمپانیەکان بوو لە گەندەڵچیەکان و پیاوانی ڕژێمەکەی موبارەک. هەروەها خۆپیشاندانە کرێکاریەکان بۆ گەڕانەوەی ئەو کۆمپانیانەی کە زەوتکرابوون بە تایبەتی دوای دەرکردنی فەرمانی دادگاکان لەسەر ناشەرعیەتی ئەو کڕینانە لە سی کۆمپانیای گرنگدا(المراجل البخارية وطنطا للكتان وغزل شبين الكوم)، ئەم شەپۆلە لە خۆپیشاندان دابراو نەبوو لەو شەپۆلەی کە لە 2006 دا دەستیپێکرد بەڵکو درێژبوەوەی بوو ئەویش بە هۆی بەردەوامی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتیەی کە کرێکاران و فەرمانبەرە بچوکەکانی تیا بوو کە هەستیان بە هیچ باشبوونێکی بارودۆخی ژیانیان نەدەکرد دوای شۆڕش، بەڵام ئەم شەپۆلە سەرکەوتوو نەبوون لەوەی کە بەرنامەیەکی ڕوونی یەکگرتوویان لە داواکاریەکانیاند کە لە لایەن کرێکارانەوە تەبەنی کراوبێت لە هەموو وڵاتدا وە هەڵگری دروشمگەلێک بێت بۆ خۆپیشاندانی گشتی کە گونجاوبێت بۆ جێبەجێکردن لەسەر ئەرزی واقیع. لە ڕاستیدا بزوتنەوەی کرێکاران زۆرێک لە لەمپەڕ و ئاستەنگی بۆ دروستدەبوو لە گەشەپێدانی ئامرازەکانی و قولبوونەوەی لە کاروان و ڕێڕەوەی شۆڕشدا.

یەکەم /چینی کرێکارانی پیشەسازی، جگە لە کۆمەڵگاکانی پیشەسازیە گەورەکانی چڕ و پڕ لە کرێکاران لە شوێنە گەورەکان و حلوان و نچح حمادی و ئەوانیتردا، توشی لەتوپەتبوون ببون، بەش بەشکراو بوون بەسەر کۆمپانیا پیشەسازیەکاندا کە چڕی ژمارەی کرێکاران کەم بوو تیایاندا بە تایبەتی لە ناوچە پیسەسازیەکاندا لە کۆمەڵگاکانی عمرانیەی نوێ دا، ئەمەش قورساییەکی دروستکردبوو بۆ نوێنەرایەتیکردن لە ڕێگەی سەندیکا ڕاستەقینەکانەوە بۆ ئەو کرێکارانە و هەروەها بۆ دروستکردنی بزوتنەوەیەکی نارەزایەتیی پەیوەست و گرێدراو و چەسپاو؛ دوەم/ ئەم چینە، کرێکاران و فەرمانبەرانی خزمەتگوزاریی و دەستگا کارگێریەکانی دەوڵەتی دەگرتەوە کە ئەم کەرتانە دەورێکی فراوانیان بینی لە وەستانەوەیاندا بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە( خۆپیشاندانەکان کەرتی گواستنەوەی گشتی و کۆمپانیای میسر بۆ پەیوەندی و کۆمینیکەیشن و مامۆستایان) لێرەدا دەبێت جیاکرای بکەیی لە نێوان ئەم توێژەو چینی کرێکارانی پیشەسازی؛ لایەنی سێیەم/ گرێدراوی زۆریک لە کرێکاران بە تایبەتی لە دەرەوەی شارە گەورەکان، بە میتۆدێکی لادێیانە و دەشتەکیانە بەڵکو هەندێکیان پراکتیزەی کاری کشتوکاڵیان دەکرد لەگەڵ پیشەی کرێکاریەکەی خۆیاندا لە کارگەکاندا، واتە ئێمە لە بەردەم حاڵەتێکی دوو مۆراڵی چینایەتیدا بووین لە لایەک کرێکار بوون و لە لایەکی تر ڕەفتاری جوتیارانەیان هەبوو.

لەسەر ئاستی ڕێکخستن، بزوتنەوەی کرێکاری میسری لە قەیرانێکی بەردەوامدا دەژیا کە بێتوانابوو لە پەرەپیدانی میکانیزمی ڕێکخستنەکانی خەباتیدا کە بزوتنەوەکە گەشەیەکی شۆڕشگێرانە بکات، یەکێتی فەرمی سەندیکاکانی کرێکاری سروشتێکی سەرشۆر و ڕسوایی هەبوو بۆ ڕژێمی موبارەک و دەستگا سیخوری و ئاسایشەکان و وە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی هەبوو بەرامبەر بە خەباتی کرێکاران و هەمیشە لە هەوڵدا بوو بۆ لەباربردنی هەرچ خەباتێکی کرێکارانە لە سەردەمی حوکمی موبارەک دا، وە پێش 25ی یەنایر تەنیا یەک سەندیکای سەربەخۆ هەبوو کە فەرمانبەرانی باجی زەویوزار دایانمەزراندبوو بە کاریگەری خۆپیشاندان و مانگرتنە بەناوبانگەکان، وە لە کاتی مانگرتنەکانی گۆڕەپانی تەحریردا لە دوای دەستپێکردنی شۆڕش دامەزراندنی سەندیکای مامۆستایانی سەربەخۆش و یەکێتی سەندیکای سەربەخۆش دامەزرا، ئەمڕۆ ژمارەی سەندیکا سەربەخۆکان 130 سەندیکایە کە زۆربەیان هەڵقوڵاوی خۆپیشاندان و مەیدانی خەباتی کرێکاران نیین، بەڵکو هەڵقوڵاوی چالاکی کۆمەڵە کەسێکن لە نێو کۆمپانیا و دامەزراوەکانەوە دوای جێبەجێکردنی کارە یاساییە پێویستیەکان بۆ دروستبوونیان، ئەمەش یەجگار ترسناکە، چوونکە پەیوەستی و گرێدانی کرێکاران بەم جۆرە سەندیکایانەوە و توانایان لەسەر یەکێتی خەباتی کرێکارانەی جۆراوجۆر تا گەیشتن بە بەرنامەیەکی خەباتی هاوبەش بەدیناهێنرێت ئەگەر کرێکاران بە شیوەیەکی هوشیارانە و چالاکانە کارنەکەن لە پرۆسەی پێکهێنانی ئەم سەندیکایانەدا و ئەمە بە تەنیا بە واژۆکردن ناکرێت.

لەسەر ئاستی سیاسیش، تا ئیستا چینی کرێکار یان پێشەوا شۆڕشگێرەکانیان بێتوانان لە خۆ رێکخستندا لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی کرێکاری کە هەلگری بەرنامەیەکی شۆڕشگێر و دیدگایەکی ڕوون بێت بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو، لەگەڵ هەوڵەکانی حیزبی کرێکارانی دیموکراتیدا و هەندێکی تر لە حیزبە چەپەکان بۆ بینینی ئەم دەورە تا هەنوکە ئەم مەسەلەیە لە قۆناغی کۆرپەلەییدایە و یەجگار سنوورداره. لەسەر ئاستی بزوتنەوەی جەماوەریی میللی مەسەلەکە زۆر جیاوازی نییە، یەکەم جار لە دەستپێکردنی شۆڕشەکەدا داواکارییەک پێشەکەشکرا بۆ دروستکردنی لیژنە میللیەکان بۆ بەرگریکردن لە شۆڕش، ئەمەش بانگهێشتێکی شۆڕشگێرانە بوو ئامانجی پێکهێنانی شێوازگەلێک بوو لە ڕێکخستنی بزوتنەوە جەماوەریەکە و وە دروستکردنی کاکڵەی دەسەڵاتە میللیەکان لە بەرنگاریبوونەوەی دەسەلاتە سەربازییەکەدا، بەڵام با بە پێچەوانەی کەشتیەکەوە هەڵیکرد، چوونکە ئەم لیژنانە بە شێوازێکی سەرپێیانە و لە سەرەوە دروست بوون نەک لە بنکە و پێگەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە، لە نێوان کۆمەڵێک لە چالاکوانانی سیاسەتکارەوە دروستبوو، کە پێویستبوو ئەم لیژانانە لە پێشەواکانی چالاکوانانی جەماوەرییەوە دروستبێت لە نێو گەڕەک و ناوچە نیشتەجێبوەکانی خەڵکەوە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە و بە پستبەستنی ئەم لیژنانە بە هێزی ئاپۆڕای جەماوەریەوە دروستبێت کە دەوری خۆیان ببینن لە دروستکردنی بڕیارەکانیاندا دژی دەسەڵاتە لۆکالیەکان.

بەرنامەی ئەنجومەنی سەربازی بەرنامەیەکی پراکتیکیانە بوو لە هەوڵەکانیدا بۆ پاکتاوکردنی شۆڕش و بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی، لە سەرەتادا لە 19ی مارتدا بە یارمەتی هاوپەیمانەکانی لە ڕەوتە ئیسلامیەکان توانی قوڵبێتەوە لە حاڵەتی ڕاکێشانی دینیی لە کۆمەڵگادا، واتە دین و مەسەلەی دین و ئەم رەوتە ئیسلامیانە زەقبکاتەوە لە جیاتی شۆڕشگێڕە هەژار و کرێکارییەکان، ئەویش بە هۆی دەنگدان و ڕاپرسی لەسەر هەمووارکردنەوەی دەستور، ئەم ڕاکیشان و زەقکردنەوە دینیانەش لە جیاتی هەرچ ڕاکێشان و زەقکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە ناوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، وە ڕوخساری ئەم زەقکردنەوە و ڕاکێشانە دینیانە لە کاتێکدا دەرکەوت کە ڕووداوەکانی هێرشکردنە سەر کەینسەکان و قەسابخانەکەی ماسبیر دروست بوو کە ئەنجومەنی سەربازی بە هۆی دەستگاکانی ڕاگەیاندنیەوە هەوڵیدا پاڵ بە جەماوەری ئیسلامەوە بنێت بۆ پراکتیزەکردنی دوژمنکاری دژی قبتیەکان و دوایهێنان بە قۆناغی یەکەم لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان کە پشتڕاستکردنەوە بوو بۆ قوڵایی ئەم حاڵەتە کۆنەپەرستانە و ئاستی ترسناکی سیاسیانەی. سیاساتی ئەنجومەن زیاتر لە نێوان نمایشێکی سیاسیانە و پراکتیزەکردنی داپلۆسین بوو وە دەرکردنی یاساگەلێکی فاشیانە، لە کاتێکدا کە موبارەک کەوتبوە ژێر فشاری جەماوەریەوە، یاسایەکی فاشیانەیان دەرکرد بۆ سزادانی خۆپیشاندەران و مەحکەمەکردن زیاتر لە 12 هەزار کەسی سڤیل لە بەردەم دادگایەکی سەربازی و گەمارۆدانی زانکۆکان و کارگەکان بە تانک و زرێپۆش بۆ لەباربردنی مانگرتنەکان و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران لە ماسبیر و کوشتنیان و چاوهەڵکۆڵینیان لە تەحریر و شەقامی محمد محمود دا. ئامانج پاکتاوکردنی بزوتنەوەی جەماوەری و دەستکردن بە هەنگاوهەڵهێنان بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی بەو جۆرەی کە تیاییدا ئابوری و سیاسەتی سەرمایەداری زاڵبێت. هاوپەیمانی سەربازی و ئیسلامیەکان وەنەبێت بەبێ پارادۆکسی و دژایەتی بێت، لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی هەردولا یەکی گرتبوەوە بەڵام کێبڕکێ لە نێوانیاند لەسەر پێگە و دەسەڵاتی چاوەڕوانکراو بەردەوام بوو، ئەو پێکدادان و نمایشکردنانەی هێزەکانی ئەم دواییە کە بینیمان بوونی ئەو پارادۆکسی و دژایەتییەیان پشتڕاستدەکردەوە، ئەنجومەن پاڵیدەنا بە حکومەتەوە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی بنەماکانی دەستوری دەربکەن و ڕیڤۆرم بەرجەستەبکەن بە جۆرێک کە بودجەی دامەزراراوە سەربازیەکان و وە یاساگەلێک بۆ کارەکانی و کۆمەڵێک دەسەڵات کە بتوانێت ڕاستەوخۆ دەستەوەربداتە حوکمەوە و بەو ناوەوە کە پاریزەری شەرعی دەستورە مسۆگەر بکات، لەبەرامبەر ئەم بەڵگەنامە دەستوریەشدا ئیسلامیەکان سەدان هەزارکەسیان کۆکردەوە لە گۆڕەپانی تەحریردا بۆ ئەوەی وازی لێبهێنن، دوای دەرکەوتنی یەکەم ئەنجامی قۆناغی یەکەم لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا و گەیشتنی ئیسلامیەکان بە زۆربەی کورسیەکان، ئەنجومەن لێدوانێکی دەرکرد لە ڕێگەی لوا ممدوح شاهین وە کە جەختیکردەوە لەسەر نەبوونی مافی پەرلەمان بۆ دروستکردنی حکومەت و وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەتی ئێستا.

پرسیار ئەوەیە لێرەدا ئایا ئێمە لەبەردەم بەرەنگاربوونەوەیەکی پێکدادانداین لە نێوان هاوپەیانیەکانی دوێنێدا: سوپا و ئیسلامیەکان؟ لە واقیعدا من ئەم ئەگەرە بە دووردەزانم بە تەواوەتی بە چەند هۆکارێک کە گرنگترینیان سەرکەوتنی ئەو سیناروێیەی کە ئەنجومەنی سەربازی دروستیکردبوو بۆ پاکتاوکردنی شۆڕش و کامڵکردنی ئامرازەکانی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نوێ کە لە بنچینەدا پشتبەستنبوو بە بەردەوامی حاڵەتی وەرگرتن و زەقکردنەوەی مەسەلە دینیەکان و بزوتنەوە دینیەکان و پشتیوانیکردن لە ڕەوتە ئیسلامیەکان وە مسۆگەرکردنی لایەندارێتی میللی بۆ ئەم حاڵەتە، هۆکارێکی تر ئیسلامیەکان بە درێژایی مێژووی خۆیان کاریان نەکردوە لەگەڵ بزوتنەوە جەماوەریەکاندا بەو جۆرەی کە پێشەنگێکی خەباتگێڕین و پێشەوایەتی و ڕابەرایەتی پرۆسەکانی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەکەن، بەڵکو بە جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ جەماوەردا کردوە کە بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکانیان و زەوتکردنی دنگەکانیان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، وە لە باشترین حاڵەتدا بەکاریان دەهێنن بۆ فشارێکی بەهێزی دیاریکراو کە وەک ئامرازێک بتوانن کەی ویستیان بەکاریان بهێنن و کەی ویستیان پاکتاویان بکەن بە گوێرەی کاتە گونجاوەکانی بەرژەوەندیەکانی خۆایان، بەڵام واقیعی شۆڕشگێڕی ئێستا هیچ لایەنێک ناتوانێت حوکم بکات بەم گەشەی بزوتنەوە جەماوەریەوە یان ئاراستەی بکات، خۆپیشاندانەکانی 18 ی نۆڤەمبەر ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ ڕەوتە ئیسلامیەکان، کە مەسەلەکە بوو بە حاشاماتێکی گەورە لە خەڵک لە بەرەنگاربوونەوەیەکی توندی نێوان جەماوەر و هێزەکانی ئاسایشدا کە لەوانە بوو بەردەوامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بوەستێنێت و خەونەکانیان بۆ کورسی حوکم هەڵبوەشێنێتەوە. لە دواجاردا ناتوانرێت شیمانەی ئەوە بکرێت کە ڕوداوی بەهێز رووبدات لە نێوان هەردوو لایەنی هاوپەیماندا و پرۆژەی دەسەڵات وەک گرێدراوێکی ئۆرگانیانە دەمێنێتەوەە لە نێوان ئەم دوو هاوپەیمانێتییەدا لانیکەم لەمڕۆدا. ئێمە لەبەردەم هەوڵێکی جەربەزەیی و مل لە چەقۆسواندین بۆ بەدیهێنانی پرۆژەیەکی حوکمڕانی ئیسلامەویی لە خراپترین شێوازیدا وەک نمونەی پاکستانی، هەروەها هەڵەش دەکەین ئەگەر وێنای کۆپیەک لە نموونەی تورکیا بکەین چوونکە بیر و ڕۆشبیریەکانی عەلمانیەکان کە حوکمی کۆمەڵگای تورکی دەکات و وە دامەزراە سەربازییەکان دەکات ئەمە لە واقیعی میسردا بوونی نییە بە تەواوەتی.

لەم نمایشەدا کە کردمان بۆ واقیعی ململانێ کۆمەڵایەتیەکانی میسر دەتوانین ئەم تێبینیانە بخەینە ڕوو:

1/ هەڵەیە وابیرکردنەوە لە شکاندنی هاوپەیامانێتی سەربازیی و ئیسلامیەکان و بڕینی دیواری ئەم هاوپەیمانێتیە، چوونکە ئەم گرێدانە سیاسیە یەکێتیەکی ئۆرگانییە لە پرۆژەیەکی دەسەڵاتدارێتیدا(لای کەمی ئەمڕۆکە) هەروەها گرێدانی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی نێوانیانە.

2/ ڕادەستکردنی دەسەڵات لە لایەن سوپاوە و وازهێنان لە دەسەڵای حوکم و دورکەوتنەوە لە پراکتیزکردنی دەوری سیاسیانە خەیاڵلێدان نەبێت هیچی تر ناگەیەنێت، چوونکە سوپا ئەم دەسەڵاتە بە مافێکی مێژوویی خۆی دەزانێت لە کاتێکدا کە بۆ ماوەی شەش دەیە ئەم دەسەڵاتەی بە دەستەوە بووە.

3/ بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی چەسپاو و جێگیر گرێدراوە بە توانای ئەو دەسەڵاتەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ئابوریی کۆمەڵایەتی پەرەسەندوی بە توانا بۆ بەدیهێنانی داواکارییە جەماوەرییە ناچارییەکان تەنانەت ئەگەر لە سنوری ڕیفۆرمیشدا بێت، دەتوانم بێ ئەملاولا بڵێم ئەم دەسەڵاتە ناتوانێت ئەو ئەرکە بەجێبهێنێت ئەویش بە هۆی سروشتە چینایەتیەکەیەوە، بۆیە بزوتنەوە جەماورییە میللیەکە لایەنێکی گرنگی ئەو هاوکێشەیە دەبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێیە.

4/ نەبوونی توانای ڕێکخراوەیی کارا بۆ چینی کرێکاران و بزوتنەوەی جەماوەری میللی کلیلێکی بنچینەییە بۆ لێکدانەوەی ڕێرەوی شۆڕش، وە بەدیهێنانی ئەم ئەرکەش تاکە ڕێگەیە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، ڕێکخستنە بناغەییەکان وەک لیژنەکان و ئەنجومەنە میللی و سەندیکاکان و یەکێتیەکانی کرێکاریی و پیشەیی ئەو ئامرازگەلە دەسەڵاتگەراییە ئەلتەرناتیڤەن و ئەو ئامرازگەلەن بۆ دروستکردنی پەرلەمانی میللی و ڕێکخستنە سیاسیەکان یان حیزبی شۆڕشگێڕی بە توانا بۆ قبوڵکردنی پێشەوایەتی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەرییە میللیەکە و هەروەها ئەرکێکی تەوەرەییە لەم میانەیەدا.

5/ گرەوکردن لەسەر دەوری ڕەوتە لیبراڵیەکان بۆ بەدیهێنانی ئەرکی گۆڕانکارییە دیموکراتیەکان گرەوەێکی درۆڕاوە لەبەر ئەوەی لە ڕووی سیاسیی و ئایدۆلۆژییەوە ڕەوتێکی لاواز و شێواو و دواکەوتوە و هەڵگری بونیادێکی سەرمایەدارییە.

6/ بزوتنەوەکانی لاوان کە مەیلێکی لیبراڵیانەیان هەیە بە مانا سیاسیەکەی ئەو ڕەوتە سیاسیانەن کە دەورێکی گرنگ دەبینن لە ڕێڕەو و ڕێبازی چارەنوسی شۆڕشدا لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە تا ئێستا چەندین لەو ڕەوتانە کاریگەری هەیە لە پێشکەوتنیاندا، ئەوانەش بریتین لە کەرتەکانی لاوان لە چینەکانی ناوەڕست و هەڵگری توانای گەشەسەندن و پەرەسەندنیان بەرەو ئاراستەیەکی چەپڕەویی و ڕیشەیی.

7/ چوونە ناو یان هاوبەشیکردن لە سیناروێی دروستکردنی پرۆژەی دەسەڵاتگەریی سەربازیی ئیسلامگەرایی هەڵوێستێکە بە بەرژەوەندی شۆڕش ناشکێتەوە، ئەمە دابڕان لە خەبات ناگەیەنێت بۆ ئابڕوبردنی ئەو سیناروێیە فاشییە و پراکتیزەکردنی هەموو جۆرەکانی فشاری جەماوەری بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەمیدا و ناڕزایەتی دەربڕین لەسەر دامەزراندنی وەزیرەکانی و یان ڕوخانی ئەو حوکمە و هەتا ڕوخانی پەرلەمانەکەشی.

8/ دەرچوون لە وەرگرتنی دەسەڵاتی دینی و زەقکردنەوەی پارادۆکسیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان سەرمایەداریی و چینی کرێکاران و جەماوەری میللیدا بەو مانایە کە پارادۆکسیەکی جەوهەریە لە ململانێ سیاسییەکاندا ئەوە مەسەلەیەکی حەتمیە بۆ ڕزگارکردنی شۆڕش، بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر جیاکاری دینی و هەموو شێوەکانی جیاکاری کارا نابێت ئەگەر تەنیا لە بازنەی دروشمە دیموکراتیەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام چوونە ناوەوەی کرێکاران و هەژاران لە موسڵمانان و قبتیەکان لە کارێکی خەباتگێڕییدا دژی بەکارهێنانی سەرمایەداری ئەوە بە تەنیا توانای ئەوەی هەیە بازنەی جیاکاریی بشکێنێت و جیاکارییەکان بسڕێتەوە. چەقبەستن بە تەنیا لەسەر قورسایی و قەوارەی لەمپەڕە چاوەڕوانکراوەکان لەبەردەم ئازادیەکانی تاک و ئازادیە شارستانیەکان لە حوکمی ئایندەدا بەس نییە بۆ دروستکردنی ڕایەکی گشتی جەماوەری بۆ بەرهەڵستی ئەو حوکمە، بەڵکو ئابڕوبردنی جەوهەرە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو حوکمە و بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کە دژایەتی هەژاران دەکات و لایەندارێتی وەبەرهێنەران و خاوەنکارەکان دەکات زۆر زیاتر گرنگی هەیە بۆ پوکانەوەی ئەو دەسەڵاتە.